# ڕستە وەڵامێک بۆ ئەو کەسەی بە ناوی خوازراوی (محمود حاجی عمر) دوە شەڕم بە کۆنە قین لەگەڵدا دەکات ... لەیلا مۆریاسی

کەسێک بەناوی محمود حاجی عومەرەوە نوسراوێکی نووسیوە گوایە ڕەخنەی لەسەر ئەو نووسینەی من گرتووە کەپێش چەند ڕۆژێک لەسەر پاڕانەوەکەی تاڵەبانی بۆ بەرزان نوسیبوم. .

تایتڵی نوسینەکەی (ڕستەیەک بۆ لەیلا مۆریاسی) ) بەڵام کوڕی باشە نزیکەی زیاد لە دوو پەڕەی نووسیوە، ئەنجا ئەگەر ئەمە ڕستەکەی بێت، ئاخۆ دەبێت، ئەگەر بڵێت مەقالەیەک چی بنوسێت؟

ئەو برادەرە کە شەڕی کۆنە قین لەگەڵ من دەکات، ناوێکی خوازراوی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، کە هەر لە ناوی بائع و دوکاندار دەچێت، شەڕی ئەوەم لەگەڵ دەکات، کەکاتی خۆی من ڕەخنەم لە نوسینەکانی دەگرت. . ئەو دوکاندارە هاتوە لەناو هەموو ئەوانەی کەلەسەر هەمان بابەت نووسیویانە، تەنها وەڵامی منیداوەتەوە و هیچی لەسەر ئەوانی تر نەنوسیوە. . لە کاتێکدا هەموو ئەوانی تریش هەر هەمان ڕەخنەیان لە تاڵەبانی گرتبوو، بەلام ئەو دوکاندارە چونکە چاوی من نابینێت، تەنها قاچی منی گرتووە. لە نوسینەکەیدا دەیان قسەی ناشیرین و سوکایەتی کردنی نوسیوە. بەڵام من دەڵێم خوا عەقڵ بدات بە ئەولادت، بەشکە وەک تۆ سەقەت بیر نەکەنەوە. هەو برادەرە استغلالی ئەوەی کردووە، کە ئەمڕۆ لەسایەی تەکنیکەوە، دەکرێت بەناوی خوازراوەوە شت بنوسرێت. بۆیەش دەڵێم بەناوی خوازراوەوە، چونکە هەمان ئەو ڕەخنەو قسانەی ئەمجارە نوسیویەتی، کاتی خۆی بە ناوێکی تر و لە ژێر تایتڵیکی تردا دەیوت.

لێرەدا بەچەند دێڕێک وەڵامی دەدەمەوە:

1. بە پێی ئەو بیرو بۆچونەی تۆ، کە بیرو بۆچونێکی هەند سەقەتە نەبێتەوە، هەرکەسێک ڕەخنەیەک لە تێریحاتە بێ ماناو بێ سەرو بەرەکانی تاڵەبانی بگرێت، ئەوا دەبێت، بێ سێ و دوو پارتی بێت. . بەڵم ئەگەر کەسێک بوختانی بی مانا بۆ پارتی و سەرۆکایەتییەکەی بکات، ئەوا نوسەری ئازاو بوێرە!! ئاخر بەکام پێوانە و بەکام هەڵسەنگاندن؟ تۆ و ئەمسالت کەپینە بۆتێریحاتە بێ ماناکانی تاڵەبانی دەکەن، ناکرێت پیتان بوترێت سەر بەزانیارین، ، بەڵام ئێوە مافتان هەیە کە هەموو کەسێک بکەنە پاراستن.

من لێرەوە بە تۆو ئەمسالی تۆ زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم. تەحەددای هەر کەسێک دەکەم، ئەگەر تاکە یەک دێڕ لە نووسینەکانی من بهێنێت و تێیدا من وەسفی پارتی و سەرکردایەتی پارتیم بکرێت. . تاقە خراپییەکی من ئەوەیە، کە ڕەخنە لە تێریحاتە بێ ماناکانی تلەبانی دەگرم، ، تێریحاتێکی وا، کە هێند بی ماناو دژە کوردە نەبیتەوە. . بەڵام دیارە تاڵەبانی کلکی هەزارانی وەک تۆی پێواوە، کە گەشکە بەو جۆرە تێریحاتانە دەکەن و پینەشی دەکەن و مبرراتیشی بۆ دەدۆزنەوە.

هاتویت، باس لە ووشیەی اخراج دەکەیت، کە گوایە من نەم زانیوە بە عەرەبی یانی چی؟ من دەڵیم کورد نییە نەزانێت اخراج یانی چی. . خۆزگە کە جەنابت ئەوەندە گە حسێنیت لە عەرەبیدا، خۆت بدایە لە قەرەی ووشەی المواگن کە تاڵەبانی بە بەرزانی دەڵێت، وە

بۆت شیتەڵ بكردینایەتەوە كە المواگن یانی چی، وە چۆن بەرزان لە المتهم ەوە بوو بە المواگن؟ئەوەیان چونكە زەرەی تاڵەبانی تێدایە، لە كولەكەی تەردا باست نەكردووە!!.

من جاری تریش ووتومە، ئەگەر پارتی بومایە دڵنیابە لە تۆو لە هەزارانی وەک تۆ سڵم نەدەكردەوەو بە ئاشكرا دەم گوت، ، بەڵام تۆیەک كە هێندە لە سیاسەت و حیزبایەتی گەیشتبیت، كە كەسیك بەوە دەبێتە پارتی، كە رەخنە لە تاڵەبانی بگرێت. . جا كاكی دوكاندار ئەگەر وابوایە، ئەوا دەبوایە، نووسەرە بوێرەكانی سایتەی تر هەموو زانیاری بن، چونكە بەهەمان معادەلەی جەبری تۆ، وایە. . ئەوان رەخنە لە پارتی دەگرن، كەواتە دەبێت، زانیاری بن. . وەک چۆن من دەكەیتە پارتی لەبەر ئەی رەخنەم لە سەرۆكەكەت گرتوە.

2. خۆزگە تەفسیرێكت دەداینێ، تا بزانین تاڵەبانی سەرۆكت، لە كوێوە، وە لە كەیەوە بارزان برادە ری بووە و دۆستایەتیەكی وایان هەبووە، تاوەكو تاڵەبانی نەتوانێت دەستباردای ببێت و بۆ بەرزان بپارێتەوە!

كە لەداهاتودا هەموو ئەو تاوانبارانە، ، ببوەرە المواگنانە اخراج بوون و كەسیان سزای سیدارە نەدران، ئەی ئەو كاتە چۆنی پینە دەكەیت؟ داهاتوو دەیسەلمێنێت، كە كامان راستین؟؟ هەر بۆ زانیاریت، دەڵین ئەمجارە لە ئیتاڵیا تاڵەبانی تەكلیفی لە پاپا كردووە، تاوەكو بۆ تاریق عەزیز تێبكەوێت و بەربێت. . داهاتوو ئەوەست بۆ دەردەكەوێت.

كاكی دوكاندار بینیت و گوێت لێبوو، كە تاڵەبانی سەرۆكت لە كۆنگرەی رۆژنامە نووسی لە ئیتاڵیا باسی لە توركمان و عەرەب كردو بە مەبەست باسی لە 182 هەزار ئەنفال كراو نەكرد؟؟ ئەگەر من مەقالەیەک لەسەر ئەوە بنوسم، ئەوا دەبێت، بە حسابی تۆ پارتی بم، ئەگینا وەكی تر دەبێت، هەموو كورد خۆی لە و هەڵویستەی تاڵەبانی بكاتە كەرەی شەربەت و باسی نەكات.

3. نووسیوتە، كە گوایە كاتی خۆی لەشاخ دەیان رفیق حیزبی و جیش شعبیت كوشتووە؟ من دەڵێم: زۆرە مام ساڵح!؟ دڵنیام لەوەی كە لەژیانتدا تاكە یەک چركە پێشمەرگایەتیت نەكردووە!. وە ئەو كاتەی كە پێشمەرگە هەبووە و پیرۆز بوو، جەنابت ئەو كاتە وەرەقەی مفت و پاک و تەمیزی خەفیفەییت لە تەنكەی باخەڵدا بووە و لە بەردەركی سەرا پیاسەت كردووە و وەكو هەموو گەنجەكانی تری شار خۆت هەڵدەخست و تەعلیقت لە دەیان كچ داوە. تۆیەک بە ناوی خوازراوەوە شت دەنووسیت، دەتەوێ پێمان بڵێیت، كە لە شاخ ئەوەندە ئازاو پیاو كوژ بویت!! تۆیەک كە غیرەت ناكەیت بەناوی راستەقینەی خۆتەوە شت لەسەر من بنوسیت، ئەی ئیتر چۆن لە شاخ ئەو خولە پیزەیە بوویت؟

من زۆربەی زۆری كەس و كار و خزمەكانمان لە شۆرشی تازەدا لەشاخ بوون. . ئەگەر راست دەكەیت و بۆ تەنها چركەیەک پێشمەرگایەتیت كردووە، ئەوا پێم بڵێ، لەكام مەفرەزە و كەرت وتیپ بوویت؟ ئەوكاتە دەردەكەوێت، كە ناوت محمود حاجی عومەر نییە؟ دڵنیا بە لە ئێستا بەدواوە، بە هەموو كەس و كار و خزمەكانم دەڵێم، كە ئاخۆ رۆژێک لە رۆژان كەسێک هەبوە بەو ناوەوە یان نا؟؟ بەڵام من دڵنیات دەكەمەوە، كە تاقە یەک چركە پێشمەرگایەتیت نەكردووە!.

رەنگە كاتی خۆی نەتوێرابێتیش لە ئاودەستی مزگەوتەكاندا شیعاراتی دژ بە رژێم بخوێنیتەوە، وا ئێستا لە سەر ماڵپەرەكان باسی جوامێری خۆت دەكەیت. پاشان نوسیوتە، كە جەنابت بە دەیان رفیق حیزبیت كوشتووە!! ئەزانیت، دەیان چەند دەگرێتەوە؟ تۆ وا قسە دەكەیت، ئەڵێیت ئێمە خەڵكی شارەكە نین و نازانین كێ كوژراوەو كێ چی بەسەر هاتووە. . ئەگەر بەو حسابەی ئازایەتی جەنابت بێت، ئەوا دەبێت، لە سەر تاسەری كوردستان و

تیپەكاندا بە سەدە هاو بگرە بە هەزارەها كوژرابن. . . من تەحەدات دەكەم، ئەگەر بتوانیت، لە سنوری هەموو شاری سلێمانیدا ناوی تەنها 5 گۆڕ بەگۆڕی بە عسیمان پێ بلێییت، كە لە هەر جێیەك كوژرابن. كاكی خۆم درۆیەك بكە، خۆت بتوانیت بڕوای پێ بكەیت. لە هەموو سلێمانیدا دیارە كە چەند كەس لە لایەن شۆڕشەوەكوژراون.

4. ئەگەر تۆ مەبەستت بوایە كە ڕەخنە لە نوسینەكەی من بگریت، ئەوا نەدەبوایە بت بردایەتەوە سەر پارتی و سەركردایەتی پارتی. من لە نوسینەكەمدا بەدەق قسەكانی تاڵەبانیم نوسیوەو ڕەخنەم لێ گرتووە. ئیتر ئەمە حەقی چیە بەسەر پارتیەوە، تاوەكو تۆ بیبەستیتەوە بە پارتیەوە. ڕەخنە گرتن لە تاڵەبانی هیچ پەیوست نییە بە پارتیەوە. بەو حسابەی جەنابت بێت، دەبێت، هیچ ڕەخنە لە تاڵەبانی نەگیرێت، تاوەكو كەس نەكرێتە پارتی. پاشان پارتی بوون هیچ عەیبەیەك نییە. وە حیزبەكەی تۆ كە یەكییەتیە، بە شانازییەوە حكومەتی هاوبەشی لەگەڵ پارتیدا دروست كردووە. ئیتر هەزاران تریوەك تۆ لە وورگی خۆیان بەن، هیچیان بۆ نامێنێتەوە. بیرتە كە تاڵەبانی سەرۆكت چووە سەر مەزاری بارزانی چی ووت؟

5. ئەگەر جەنابت ئەو عەرەبییە باشە دەزانیت، كە من نایزانم، توخوا بۆمان ڕون بكەرەوە، كە ووشەی خائن یانی چی؟ چونكە تاڵەبانی سەرۆكت بە كەركوكییەكانی گوت خائن. تاڵەبانی سەرۆكت گوتی هەركەسێك كەركوك بەجێ بهێڵێت خائنە، وە هەركەسێك دەنگی بە بەڵێ بۆ دەستو ر نەداوە خائنە!! تۆیەك بە نوسەرە بویەرەكانی سایتەكانی ترەوە، كە كاری شەو و ڕۆژتان بوە بە ڕەخنە گرتن لە پارتی، لە تێڕوانینی تاڵەبانی سەرۆكتەوە خائنن، چونكە دەنگتان بە بەڵێ نەداوە. . . جا بویە حەزدەكەم لوتف بفەرموویت و بەپێی ئەوەی عەرەبییەكەت زۆر باشە، ئەوا مانای خائن ڕوون بكەیتەوە. كە تاڵەبانی مەبەستی چییە؟؟بیرت نەچێت، كە تاڵەبانی خۆی كەركوكییە، كەچی بە شانازییەوە نە ك لە سلێمانی بەڵكە لە ئانقەرە خانووی كڕیوە!!

من ئەمجارە بە عەقڵی تۆ ناكەم و بە قسەی ناشیرین وەڵامت نادەمەوە. بەڵام دڵنیابە لە ئاست نوسینی ترت، ئەگەر سوكایتی كردنو قسەی هەلەق و مەلەقی تێدا بیت، بێدەنگ نابم و بە هەمان زمانی خۆت وەڵامت دەدەمەوە. خۆت چاك دەزانیت، ئەگەر بەرامبەر ڕێز لە خۆی نەگرێت. ئەوا منیش ڕێزی لێناگرم، وەمن كاتێك بە زمانی ناشیرین وەڵام دەدەمەوە، كە بەرامبەرەكەم وای بوێت. ئەگەر نا من قەت دەسپێشكەری قسەی ناشیرین نیم. وەڕەنگە خۆت چاك هەستت بەوە كردبێت، چونكە پێشتر بە هەمان زمانی خەڵكانی تر وەڵامم داوەتەوە.

دواجار دەڵێم، تۆو ئەمسالی تۆ كارتان بوە بەوەی كە هەركەسێك ڕەخنەیەك لە سیاسەتی تاڵەبانی بگرێت، ئەوە یەكسەر لێی دەچنە سەنگەرەوەو باپارتی ناودەبەن. چەندەهای وەك تۆیە كە پەلاماری بەڕێزێكی وەك كاك جەمال فەتتاح دەدەن، وە قسەی هەلەق و مەلەق لە دژە دەنووسن، لەبەر ئەوەی لای ئیوە ئەو پارتییە.

گەر كەسێك خۆی بەنووسەر لەقەڵەم بدات، دەبێت ڕێز لە پەیوەندیدارێتی (انتما) خەڵكانی تر بگرێت. گەر كاك جەمال پارتیش بێت، ئەوا ئەوە ناكاتە ئەوەی كە ئێوەومانان پەلاماری بدەن.

دواجار دەڵێم. كارم بۆ دۆزیتەوە، چونكە من بەردەوام ڕەخنە لە تێریحاتەكانی تاڵەبانی دەگرم. تۆش دەبێت شەوت بدەیتە دەم ڕۆژ بۆ دژایەتی كردنی من و پەلاماردانم. ئەنجا دڵنیابە، كە لەمەولا بەهەمان زمانی خۆت وەلامت دەدەمەوە. .